# قورئان لە نێوان لۆگۆس و میتۆس دا

ئازاد قەزاز



**ئەوکاتەی مرۆڤ لە وەهمی دونیا دەردەچێت و هەقیقەتی وەهم شیدەکاتەوە و لە وەهمی هەقیقەتدا ون دەبێت و لە دۆخی هەقیقەتدا چاو دەکاتەوە, بەناچاری دەبێ وەك حەللاج ئەم دێڕە بلێتەوە:**

كَفرتُ بدين النّاس و الكفرُ واجبٌ لديَّ وعندَ المُسلمينَ قبيحُ

ئێمە هەموومان یان بلێین زۆربەمان لە جیهانی ئیسلامیدا لەسەر ئەوە گۆشکراوین کە قورئان کتێبێکی پیرۆزە و خودا بە زمانی عەرەبی بۆ هەموو مرۆڤایەتی ڕەوانەی کردووە . زیاتر لە چواردە سەدەیە جیهانی ئیسلامی لەسەر ئەم نەزمە ڕاهێنراوە و لەم ماوە درێژەشەدا سەرمایەیەکی ڕەمزی وای خولقاندووە کە گومانکردن لەم بۆچوونە تا بلێی ئەستەم و سەختە. سەرباری ئەم سەرمایە ڕەمزیە لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە سەدان نوسرا و بەرنامەی زانستی خراونەتە بەردەستی موسولمانان تا زانستیانە بیسەلمێنن کە قورئان کەلامی ئەبەدی خودایە و لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا ئەم کەلامە پیرۆزە و ڕەنگ و ڕوخساری ئەبەدیەتی ئەم پەرتوکە پارێزراوە. هەر کاتێ یاسایەک یان زانستێک یان دیاردەیەکی گەردوونی کە لە لایەن پسپۆرانی ڕۆژئاواوە ئاشکرا دەکرێ, زانستخوازانی موسولمانان دەخاتە تێکۆشانەوە بۆ ئەوەی ڕەگ و ڕیشەی ئەو یاسا زانستیە یان ئەو دیاردە گەردوونیە لە قورئاندا بدۆزنەوە, تا لەو ڕێگەیەوە بتوانن زانست و قورئان بگونجێنن و ئەبەدیەتی قورئانیش بۆ خۆیان و خەلکی تریش دابین بکەن. ئیدی لەگەل هەموو دۆزینەوەیەکی زانستیدا, ئەم هەولەش بۆ بەئەبەدیکردنی قورئان بەردەوامە. لەو بڕوایەشدام ئەم ستایلە تا ڕادەیەکی باش قایلکارە و دەشێ ڕەگ و ڕیشەی زانستەکانی سەردەم هەروەک لە قورئانداو کتێبی تری کۆنیشدا بدۆزرێتەوە گەر مەبەستت بێت. بۆیە دەلێم ئەم ستایلە قایلکارە, چونکە یەکەم خوێنەری جیهانی ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی قول بیرناکاتەوە و بە شێوەیەکی ئینتقائیش ئەخوێنێتەوە, جگە لەوەش مێژووی زانست و ئایین و فەلسەفە بەچاویلکەی ئیدیۆلۆژییەکی تایبەتەوە دەبیننەوە و واتێدەگەن کە خودا لە ڕێی قورئانەوە نەبێت ناتوانین قسەی لەسەر بکەین. دووەم لێکۆلەر و نوسەری ئەم جۆرە ستایلە بە شێوەیەکی ئینتقائی هەندێک ئایەت هەلدەبژێرێ کە لەگەل زانستی ئەمڕۆدا دەگونجێن, ئیتر ئەو ئایەتانەی تر کە ناگونجێن, ئاگای لێیان نیە, یان پشت گوێیان دەخات. واتە ئەو پێشوەخت بڕیارێکی داوە و دوای ئەوە بە دوای بەلگەدا دەگەڕێ و دەرئەنجامیش بە پێی حەز و بڕیارەکەی خۆی دەبێ دەرچێت, بۆیە ئامادە نیە قبولی دەرئەنجامێکی تری دژ بەوە بکات. کەواتە لێکۆلینەوەی لەم چەشنە ناچێتە خانەی لێکۆلینەوەی زانستیەوە. بەلکو دەچێتە خانەی بە ئایدۆلۆژیاکردنی ئایینەوە بۆ بەردەوامی دان بە بەرژەوەندی تایبەتی وەختی کەسانێک یان گروپێک یان هەندێ جار دەسەلاتێک. لەمانەش گرنگتر ئەوەیە مرۆڤ دەترسێت کە حازر و ئامادەیەکی گەلالەکراو بگۆرێتەوە بە نوێیەکی گەلالەنەکراو. بڕوانە! گەیێنەرانی قورئان خۆیان چەندە ئازار و ئەشکەنجەیان چەشت تا توانیان پەیامێکی نوێی وەک قورئان بۆ ئەو کات بگەیێنن. هەنوکەش پەیامێکی تری نوێ کە لە هەندێ رووەوە ڕەنگە لە گەل قورئاندا نەگونجێت, هەروا هەلگرانی قورئان لەبەر ئەو هۆیانەی کە ناومان بردن, بە ئاسانی دەستبەرداری نابن و ڕێگە بەم پەیامە نوێیە نادەن تا جێی خۆی بکاتەوە.

بەندەش یەکێک بووم لەو کەسانەی ماوەیەکی باش لایەنی زانستی قورئان سەرقالی کرد بووم. بەلام کاتێ بەم جۆرە لێکۆلینەوە و ستایلە خەریک بووم, ئامادەش بووم هەر دەرئەنجامێکی تری زانستی با بە پێچەوانەی حەز و بڕیاری پێشووی خۆشم بوایە قبول بکەم. بۆیە خەریک بوون بەو ستایلە و لە هەمانکاتدا قبولکردنی

دەرئەنجامی پێچەوانە و پێداچونەوەی بەردەوامی بڕیار و حەزەکانی خۆم, زۆرم لەسەر کەوت, هەر لە ڕۆحی خۆمەوە تا دەگاتە ڕۆحی دۆست و خۆشەویستانم. تالاوێک بوو ناچار بووم بیخۆمەوە, هەر لە پێناوی ئەوەی لەتەک هەقدا نەک لە تەک حەز و ئایدۆلۆژیادا بمێنمەوە و بۆ تێرکردنی ئارەزوەکانم ئاوڕ لە هەقیقەت نەدەمەوە.

لەم بابەتشدا دەمەوێ لایەنێک لەو لێکۆلینەوەیە کە دەرئەنجامەکەی پێچەوانەی چاوەڕوانی خۆم بوو, لە ناو ململانێی میتۆس و لۆگۆسدا, بخەمە ڕوو ئەو دەرئەنجامەش ئەوەیە کە قورئان بەرهەمی ئەقلی مرۆڤە و لە ژێر کاریگەری سەردەمەکەی خۆیدایەتی. هەرکەسێکیش پێچەوانەی ئەم دەرەنجامەی سەلماند بەخۆشحالیەوە لێی وەردەگرم.

چی لەوە خۆشتر و ئاسانترە کە ئەو ویست و ئامانجەی خودا هەیەتی لە دوو توێیی کتێبێکدا بکەوێتە بەردەست مرۆڤگەلی ئەم سەرزەمینە و هەقیقەت هەر وا بە هاسانی لەبەردەستا بێت و هەموو شتێک تەواو و کامل بێت. ئەم هاسانکارییە وەک ئەوە وایە کە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەیەکت لەبەردەستابێت, هەر هێندەت لەسەربێت وەلامەکان دەرخ بکەیت و نمرەیەکی باشیش بهێنیت, هیچ لەمە ساناتر هەیە؟ بۆیە سەندنەوەی سیفەتی حازربەدەستی یاساکان و پێویستیەکانی مرۆڤایەتی لە قورئاندا , بۆ پالدانەوە و تەمەلیکردن نیە, بەلکو بۆ زیاتر تێکۆشان و تێڕامان و تێفکرینە کە قورئان خۆشی لە زۆر شوێندا ئاماژەی پێدەدا. هەر قورئان خۆیشی بەرهەمی لەو جۆرە تێکۆشانەیە. بەرهەمی سەردەمێکە کە تیایدا ململانێیەکی توند لە نێوان لۆگۆس و میتۆس دا لەبرەودا بوو.

میتۆس ووشەیەکی گریکیە و لە بنەڕەتدا بە مانای ووتە یان چیرۆک هاتووە. بەزمانی کوردی ناومانناوە ئەفسانە. میتۆس بۆ ئەو چیرۆک و بیرۆکانە بەکارهێنراوە کە سەرچاوەکەی هەقیقەت نەبووبێ و هەلقولاوی وەهم و خەیال بووبێ. لە بەرامبەر ئەم ووشەیە بۆ ئاماژەدان بە هەقیقەت ووشەی لۆگۆس پەیدا بووە, کە مانای حەقیقەت یان ئەقل دەگەیەنێ هەروەها مانای وشە (کلمە) لە زمانی عەرەبیدا دەگەیێنێت. ئیتر لەو کاتەوە وا ناسێنراوە کە ووشەی میتۆس ئاماژە بێ بۆ وەهم و خەیال و ووشەی لۆگۆسیش بۆ هەقیقەت و ئەقل. واتە ئەم دوو تێرمە دوو مانای دژ بەیەکی گەیاندووە. لە ئایینی یەهودی و مەسیحی و ئیسلامیشدا ووشەی لۆگۆس, مانای تایبەتی خۆی بۆ خودا یان سیفەتی خودا وەرگرتووە.لە ناو فەلسەفەی یۆنانیدا واتای ئەقلگەرایی و دیالۆگی بەخشیوە. هەندێکجاریش واتای (هۆی یەکەم) یان (نەجولاوی جولەخەری) گەیاندووە. ئاین و فەلسەفە هەردوک ویستویانە قسە لەسەر سەرچاوەی بوون بکەن و وەسفی تایبەتی خۆیان بۆ سەرچاوە –بوون– خستۆتە ڕوو.

لە ئینجیلی یوحەننا دا یەکەم ئایەت بە (وشە) واتە لۆگۆس دەست پێ دەکات. لای مەسیحیەکان لۆگۆس ئەو شتەیە یان ئەو ووشەیەیە کە هەر لە ئەزەلەوە لای خودا بووە. ئەم وشەیەش لە عیسادا بووە بە جەستە (لەسەرەتادا **وشە** بوو, وشەش لای خودا بوو, وشە هەر خۆی خودابوو ..... بەلێ ئەم وشەیە بوو بە گۆشت). بە هەمان شێوە قورئانیش دانی بە عیسادا ناوە وەک لۆگۆسی خودا ( ان الله یبشرك بكلمة منه اسمة المسیح عیسى بن مریم ) ال عمران 45. جگە لەوەش هەندێک فەرموودە دەگێڕدرێتەوە کە خودا پێش هەموو شتێک ئەقلی دروست کردووە. واتە لۆگۆس کەلە فەلسەفەی یۆناندا سەریهەلداوە, لە ناو ئینجیل و قورئانیشدا ڕەنگی خۆی بەباشی داوەتەوە. لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئایین و فەلسەفە خۆیان بە بەرهەمی لۆگۆس زانیوە, بەرامبەر بە میتۆس وەستاونەتەوە, کە بریتی بووە لە بەرەی وەهم و خەیالی دوور لە هەقیقەت. واتە قورئان لە سەردەمی خۆیدا وەک ئەو هەقیقەتە سەیرکراوە کە دژ بە وەهم و خەیال بووە. لەوکاتەدا ئیسلام نوێنەری لۆگۆس بووە و بتپەرستانیش نوێنەری میتۆس بوون . ئەگەر لۆگۆس کە هەلقولاوی فەلسەفەیە مانای وشە و ئەقل بگەیەنێت و هەقیقەت لەوێوە دەرکەوتبێت, ئەوە سەرچاوەکەی ـوەک ئاینەکان دەلێنـ ئەو خودایە یە کە

هەموو شتێک لەوێوە پەیدا بوە و دەبێت.

هەنووکەش زانستی ئەزمونگەری خۆی بە نوێنەری هەقیقەت دەزانێ و هەرچی نەچێتە ژێرباری یان تاقیگە یان پێودانگی زانستەوە دەچێتە خانەی میتۆسەوە, جا ئەو شتە ئاین یان فەلسەفە بێت گرنگ نیە. ئەم دۆخەی زانست وای کردووە هەم فەلسەفەش و هەم ئاینیش ڕەوتی خۆی بگۆڕێت و زۆر شت لە خۆی بتەکێنێت تا باوەڕپێکراو بمێنێتەوە.

مرۆڤ هەروا بە هاسانی نەیتوانیوە دۆخی میتۆس تێپەڕێنێت و بچێتە دۆخی لۆگۆسەوە. ئەم راگوێزانە لە میتۆسەوە بۆ لۆگۆس چەندین سەدە و بگرە هەزاران سالیشی خایاندووە. لە دەرەنجامی کارلێکردنی مرۆڤ و سروشت و دیاردەی گەردوونی و رووداوەکان, بیرکردنەوەی مرۆڤیش گۆرانی بەسەردا دێت و دۆزینەوەکانی وردتر و فراواتر دەبن. کاتی مرۆڤ ئاوڕ لە ڕابردووی خۆی دەداتەوە و بەراورد لە نێوان بیرکردنەوەی هەنووکەی خۆی و ئەوی هەزاران سالە لەمەوبەر دەکات, لەوە دەگات جیاوازیەکی زۆر لە نێوان ئەوسا و ئێستادا هەیە. ئەم حالەتە لای مرۆڤی هوشیار دەبێتە ئەزمونێکی دەولەمەند و مەعریفەیەکی گەشەسەندووی لەسەر بنیاد دەنێت و مرۆڤی ناهوشیاریش کە لەم گۆڕانە تێنگات, یان لەبەرەی ڕابوردودا دەمێنێتەوە و بەرگری لە خۆی دەکات, چونکە توانای ڕاگوێزانی نیە, یان دەچێتە بەرەی نوێوە بەلام بۆ ڕاکردنە لە ئیلتزامات, دەنا ئەویش هەروەک ئەوی پێشو لەم گۆرانکارییە تێنەگەشتووە. لەوەش خراپتر ئەوەیە کەناهوشیاری دووەم خۆی دەخاتە خانەی پێشکەوتنخوازی و ئەویدیش دەخاتە خانەی کۆنەپەرستی و لە بنەرەتیشدا هیچ جیاوازیەک لەنێوان ئەم دوو جۆرە مرۆڤەدا نیە. ئەم مرۆڤە ناهوشیارە لەوە ئاگادار نیە کە لە زەمەنێکی دیدا خۆیشی دەچێتە خانەی کۆنەپەرستانەوە. مرۆڤی هوشیار ئەوەیانە کە لەم گۆڕانکاریەی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێک ڕوودەدات, تێدەگات و ڕێز لەوانەش دەگرێت کە توانای ڕاگوێزانیان نیە, نەک بیکاتە گالتەجاری خۆی.

لێرەوە دەمەوێ ئەوە ڕاگەیەنم کە قورئان بە چاویکی دی دەخوێنمەوە و نایخەمە ناوخانەی کۆنخوازی, بەلکودەیخەمە ناو مەعریفەی سەردەمێک و بەچاوی مەعریفەی سەردەمێکی تر دەیخوێنمەوە, تا ئەوە ئاشکرا بکەم قورئانیش لە ژێر کاریگەری مەعریفەی سەردەمی خۆیدا بووە. ئەم کارەشم هێندەی بۆ خستنە رووی هەقیقەتێکە, هێندە بۆ ناشرینکردنی قورئان نیە و بۆ بەدرۆخستنەوەی پەیامبەرێکی وەک موحەمەدیش نیە. هێندەی لە دیدی ئەمڕۆوە بۆ دوێنێ دەڕوانم, هێندە قێزەونکردنی مرۆڤە خاوێنەکان نیە. هێندەی مەبەستمە ئەو بەستەلەکە بتوێنمەوە و ئەو ترسە بڕەوێنمەوە کە هەیبەت و سامی دوێنێ خولقاندوویەتی, هێندە ئەو مەبەستەم نیە کە گەرەلاوژێ و بێئیلتزامی بخولقێنم. وەلێ لەوە تێگەیشتووم کە دابونەریت, خووی ڕۆژانە و سەرمایەی ڕەمزی ناو مێژوو زۆر بە ئاسانی مرۆڤ – گەر ئاگاداری خۆی نەبێت– ناهۆشیار دەکات. بیرکردنەوەی ئەم جۆرە مرۆڤانە یەکپارچە دەبێتە جیهانێکی پڕ لە وەهم و فەنتازیای بێ بناغە و لەبری واقع, خەون دەبینین. ئەگەری ئەوەش هەیە کە رووداوی مەزن وەئاگایان هێنێتەوە, بەلام هێندە نابات دەخەونەوە, چونکە رۆح و ناخیان لە بناغەوە گۆرانی بەسەردا نەهاتووە. ئەم جۆرە گۆرانە ڕووکەشیە لە نوسینی ترم دا ناو ناوە گۆرانی فیزیایی, و گۆڕانی بنەڕەتی و قول تا دەگاتە نەستی مرۆڤ ناوم ناوە گۆڕانی کیمیایی.

یەکێک لەو هەولانەی دەیدەم لە گەل مرۆڤگەلی کوردا ئەوەیە لە ناخەوە رۆحیان وەئاگا بێنمەوە و لەو خەونەی تێیدان بێنەدەرەوە. کتێبی (***سایکۆپۆلیتیک***) هەولێکی جدی لەم چەشنە بووخستمە بەردەستی خوێنەری کورد, بۆ ئەوەی کورد لە رووی نەتەوایەتیەوە هوشیاربێتەوە و بزانێ لە کوێدا دەتوانێ وەک مرۆڤێکی سەربەخۆ بیر لە کێشەی نەتەوەکەی بکاتەوە و تا جارێکی دی سەرکردەکانی کورد نەتوانن سۆزێ نەتەوایەتی بۆ بەرژەوەندی خۆیان بقۆزنەوە.

لەم وتارەشدا هەول دەدەم چمکێکی قورئان بخەمە روو کە تیایدا بیری سەردەمی خۆی پێوە دیارە و ئەو

ئەبەدیەتەی بە قورئان بەخشراوە بیخەمە ژێر پرسیار و لێکۆلینەوە, تا مرۆڤی کورد بتوانێ خۆی بە ئازادانە لە مەسەلەی خوا بکۆلێتەوە و پێناسەی تایبەت بەخۆی سەبارەت بە خودا دامەزرێنێت و لەوێوە بتوانێ ڕۆحی تەبەعیەتی لێبێتەوە. لەسەرووی ئەمانەشەوە گیردانی خودا لە کتێبێک و لە مرۆڤێکدا ئەوە مۆنۆپۆلکردنی ئەو ناخ و نەستەیە کە گشت مرۆڤێک مافی خۆیەتی ئازادانە –نەک یەکێکی دی– بڕیاری بۆ بدات. جگە لەمەش ئەو مۆنۆپۆلکردنە ناشیرنکردنی خودایە پێش هەرشتێک. لەهەمانکاتدا لەوەش قوتار دەبین کە بۆ ئاتاجی ڕۆحی خۆمان بۆ لای نەتەوەیەکی دی کە ئەو خۆی ئەمڕۆ هیچی بۆ مرۆڤایەتی پێنەماوە, بگەڕێینەوە.

لای ئێمە وەک بەلگە نەویستی لێهاتووە کە قورئان پیت بە پیت خودا ناردویەتی و ئیدی مرۆڤ ئەو جورئەتەی نابێت بە پێچەوانەی قورئانەوە شتێکی دی بدرکێنێت. پێش هەمووشتێک ئەم بۆچوونە ستەمێکە لە خودی قورئان دەکرێت, هەر لەبەر هیچ نەبێت, لەبەر ئەوەی زیاتر لە توانای قورئان لە قورئان داوادەکرێت. کەواتە مەبەستی سەرەکیمان ئازادکردنێکی دووسەرەیە. مرۆڤ خۆی لە قورئان رزگار دەکات و قورئانیش لە چنگی خەلکی دەردەهێنین, واتە لە چنگی دۆست و دوژمن قورئان ئازاد دەکەین. چونکە بەرەی دژ بە قورئان, قورئان بە هەموو شێوەیەکی نا مەشروع ناشرین دەکات و دۆستیش هێندە بەبالایدا دەلێت قورئان دەخاتە خانەی خەیال و دەرەوەی مێژووەوە.

لێرەدا بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەم –وێناکردنی گەردوون لە قورئاندا– بەنمونە دەهێنمەوە. گەردوون لێرەدا مەبەستم ئاسمان و زەوییە, پێش قورئان گەردوون چۆن بینراوە و, قورئان چۆن گەردوون دەبینێت و پاش قورئانیش گەردوون چ گۆڕانێکی بەسەردا دێت و وێناکردنی ئاسمان و زەوی لە قورئاندا تا چ ئاستێک لەگەل زانستی سروشتی سەردەمدا جیاوازیان هەیە.

لەخەیالدانی سەردەمی پێش قورئاندا گەردوون واتە ئاسمان و زەوی, هێرارکی بووە. گەردوون بە دووبەش وێناکرابوو, بەشێکیان زەوی و بەشەکەی تریان ئاسمان بوو. زەوی لە ناوەراستی گەردووندا وەستاو بوو و خۆر و مانگ و ئەسێرەکانی دیش بە دەوریدا دەسوڕانەوە. ئەم وێناکردنە مۆدێلێک بوو ناوی جیۆسەنتریسمی لێنرابوو (جیۆ وشیەکی گریکیەو واتە زەوی). قورئانیش هەر بەم مۆدێلە گەردوون دەبینێت. واتە زەوی وەستاوە و خۆر و مانگ و ئەستێرەکان دەجولێنەوە.

لە سەدەی شازدەوە مۆدێلی هیلیۆسەنتریسم جێگای جیۆسەنتریسمی گرتەوە, لەبری زەوی, خۆر لەم مۆدێلەدا بووە ناوەراستی گەردوون (هیلیۆ لە زمانی گریکی دا واتای خۆر دەدات). هەنوکە زانستی گەردوونی مۆدێلی هیلۆسەنتریسمیشی بەجێهێشتووە, چونکە گەردوون هێندە مەزنە دیاریکردنی ناوەراستەکەی کارێکی هاسان نیە. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە گەردوون ئیدی بە شێوەیەکی هیرارکی وێنا ناکرێت.

بۆ زیاتر تێگەشتن لە وێناکردنی گەردوون کورتە مێژوویەک سەبارەت بەم دوو مۆدێلە دەخەمە روو. لە پاشدا لە ناو قورئانیش نمونەی بۆ دەهێنمەوە کە قورئان تا چ ڕادەیەک بە مۆدێلی جیۆسەنتریسم گەردوون وێنا دەکات. بۆ خستنە رووی ئەم کورتە مێژوویەی جیۆسەنتریسم و هیلیۆسەنتریسم, پەنا دەبەمە بەر کتێبێکی هۆلەندی.[1]

لە سەدەی سێ و چواری پێش زایینی دوو فەیلەسوفی ناوداری یۆنانی (ئەفلاتون) و (ئەرستۆتالیس) بە مۆدێلێک گەردونیان وێناکرد, کە تیایدا زەوی وەستاوە و چەقی گەردوونە و تەنە ئاسمانیەکانیش لە شێوەیەکی بازنەییدا بە دەوری خولگەی زەویدا دەسوڕێنەوە. ئەم مۆدێلە **ناونرا جیۆسەنتریسم**. جیهان یان گەردوون لەم مۆدێلەدا لە شێوەی هیرارکی بە سەر دوو جۆر کەشی جیاواز دابەشدەکرێت. جیاکردنەوەی ئەو دووکەشە بە هۆی مانگەوە دەکرێت, کە ناونرابوو خواروی مانگ و سەرووی مانگ. زەوی دەکەوێتە بەشی خواروی مانگ و دەبێتە هەلگری کاراکتەری ناتەواوی و ئاوابوون. بەبۆچوونی ئەفلاتون گشت شتەکانی سەرزەوی تەنها

[1] Chris Buskes, *Evolutionair denken,* Amsterdam, *2006,* p. 9-14

ڕەنگدانەوەیەكی كاڵ و ناتەواوی فۆرمێك یان ئایدیایەكی هەمیشەیین. بەشی خوارووی مانگ واتە زەوی, لە چوار توخمی خاك, ئاو, هەوا و ئاگر پێكهاتووە. بەبۆچوونی ئەرستۆتالیس هەریەك لەم توخمانە ئاراستەی سروشتی یان جێگای سروشتی خۆیانیان هەیە واتە گشت شتێك بەرەو دوا ئامانجی خۆی تێدەكۆشێت.

هەركاتێ سنوری مانگ تێپەرێنیت, ئەوا دەچیتە كەشی سەرووی مانگ, واتە ئاسمان. لەوێدا شتەكان لە بنەڕەتەوە دەگۆرێت و لە زەوی جودا دەبێتەوە. ئیدی لەم بۆچوونەوە مرۆڤ دەتوانێ گەردوون بە دووبەشی وەك ئاسمان و زەوی ببینێت و بیەوێ هەر تیۆریەك یان عەقیدەیەك دامەزرێنێت, لەم دیدەوە كە گەردوون دووبەشی جیاوازە تیۆلۆژی خۆی دادەمەزرێنێت. لەم ئاسمانەدا كە ئەو دوو فەیلەسوفە وێنایان كردووە, یاساكانی تەواو جیایە لە یاساكانی سەرزەوی. شتەكان لەوێدا گشتیان تەواو و هەمیشەیین و ناگۆردرێن. تەنە ئاسمانیەكان بە شێوەیەكی بازنەیی و بۆ هەتاهەتایە بەدەوری خولگەی زەویدا دەخولێنەوە. ئەم تەنەئاسمانیانە لە توخمی ئەسیر (اثیر) دروستكراون و پێشی دەلێن جەوهەری پێنجەم. كە ئەم تەنە ئاسمانیانە واتە ئەستێرەكان تێدەپەڕێنیت, بە بۆچوونی ئەرستۆتالیس ئەوا دەگەیتە (بزوێنەری یەكەم) یان (بێجولەی جولەخەر) كە هەموو شتەكانی خستۆتە گەڕ. ئەم بزوێنەری یەكەمە ناوی خودای لێنراوە, كە خۆی هۆكاری بوونی خۆیەتی.

ئەم جیهانبینیەی ئەرستۆتالیس لە لایەن تیۆلۆژەكانەوە بەردەوامی پێدرا و بیری تیلیۆلۆژی (مەبەستگەرایی) – لەوشەی تیلۆسی گریكیەوە وەرگیراوە مانای مەبەست دەگەیێنێت– دامەزرێندرا. تیلیۆلۆژی بیرێكە دەلێت گشت شتێك ئامانجێكی هەیە و دەیەوێت بگاتە ئەو ئامانجە. ئەم جیهانبینیە بە مۆدێلی جیۆسەنتریسم ناسرا.

لەسەدەی شازدەیەمەوە جیهانبینی جیۆسەنتریسم گۆراو هیلیۆسەنتریسم جێیگرتەوە. ئەستێرەناسی پۆلۆنی (نیكۆلاس كۆپەرنیكۆس) ئەوەی ڕاگەیاند كە چەقی گەردوون خۆرە نەك زەوی. ئەم مۆدێلە ناونرا هیلیۆسەنتریسم. ئەم مۆدێلە پێچەوانەی مۆدێلی ئەریستۆتالیس بوو, كە عەقیدەی مەسیحی لەسەر بنیاتنرابوو. هەر لەبەرئەوەش بوو كەنیسە دژی مۆدێلەكەی كۆپەرنیكۆس وەستایەوە.

پاش كۆپەرنیكۆس, زانای ئیتالی, گەردوونناس و ماتماتیكناس بەتەواوەتی كۆتایی بەو مۆدیێلانەی كۆن هێناو ئەوەی ئاشكرا كرد كە گەردوون هیراركی نیەو ئاسمان و زەوی گشیان لە یەك جۆر تەنن و جیاوازی لە نێوانیاندا نیە و یەك یاسای میكانیكی زەوی و ئاسمانی پێكهێناوە و گەردووونناسەكان دەتوانن لەم یاسایە تێبگەن و لێیبكۆلنەوە. ئیدی مۆدێلی سەروومانگ و خوارووی مانگ, ئاسمان و زەوی لەو ساتەوە كۆتایی پێهات. لەمەودوا هەول دەدەین لەوە تێبگەین تا چ ڕادەیەك تیۆلۆژی قورئان خۆی لەسەر ئەو مۆدێلە هیراركییە واتە جیۆسەنتریسم دامەزراندووە.

قورئان وەك هەركتێبێكی تری ئاینی و وەك هەر بیرێكی تری تیۆلۆژی و فەلسەفی, پەنا دەبەنە بەر سروشت یان ئەو وێنایەی بۆ گەردوون هەیانە, كە باس لە خودا یان هۆی یەكەمی بوون دەكەن. واتە گەردوون ئەو سەرچاوە ڕەسەنەیە بۆ قسەكردن لەسەر خودا نەك كتێب, چونكە كتێب ئەزمونێكە لە ئەزمونەكانی مرۆڤایەتی سەبارەت بە خودا. قورئان خۆیشی هەر گەردوون و سروشتی كردووە بەبەلگەی بوونی خوداو دەسەلاتی خودا. لەو ساتەوە مرۆڤ لە خودی خۆی و دەوروبەری هوشیاربۆتەوە, دیاردەكانی گەردوون سەرنجی ڕاكێشاوە و لێیوردبۆتەوە, ئەو وێنایەی گەردوون ڕاستەوخۆ كاریگەری بووە لەسەر وێناكردنی خودا یان هۆی یەكەمی بوون. واتە خودا ئەو نهێنیەیە كە مرۆڤ لە هەموو سات و شوێنێكدا ویستویەتی لێی تێبگات, مرۆڤ ویستویەتی لەو ڕێیەوە سەرەتا و كۆتایەك بۆ بوونی خۆی دیاری بكات تا بتوانێ پێی لەسەر زەمەینەیەكی پتەو داچەقێنێت. ئەو نهێنیە خۆی چیە و چۆنە و چی لە مرۆڤ دەوێ, ئەوە لەتوانای مرۆڤدا نیە بەیەككەرەت بیزانێت و پێیبگات, ئەركی مرۆڤ ئەوەیە بۆ ناسینی ئەو هەقیقەتە لە تێكۆشانی بەردەوامدا بێت و هەرئەوەشە من بە بەردی بناغەی تاقیكردنەوەكەی تێدەكەم, واتە ناسینەوەی ئەو هەقیقەتە, هەقناسیە. لەم ناسینەوەیەدا

هەرسەردەمەو وێناکردنی خۆی هەیە و قورئانیش لەم نەریتە بەدەر نەبووە, گەر وا نەبێت ئەوا ئەو هەقیقەتە لە سەردەمێکدا گیردەدرێت و ئەمەش تاوانێکە دەرهەق بەو هەقیقەتە ئەنجامدەدرێت.

گەر لەم پێودانگەوە لەسەردەمی قورئان بڕوانین, ئەوا قورئان لەسەردەمی گەردوونبینی جیۆسەنتریسمدا داهاتووە. ئاخۆ توخمەکانی ئەم گەردوونبینیە لە قورئاندا دەبینینەوە؟ واتە هیرارکیەتی گەردوون, زەوی چەقی گەردون و وەستابێت و تەنە ئاسمانیەکانیش بە ئاراستەیەکی تایبەتدا بڕۆن.

لە قورئاندا گەردوون سێبەشی سەرەکیە, عەرش, ئاسمان و زەوی. ئاسمانیش لە حەوت چین پێکهاتووە و خوداش لەسەر عەرش دانیشتووە و حوکمی دونیا لەوێوە دەکات. لەهەمانکاتدا زەوی وەک تەنێکی جیا لە تەنەکانی تری ئاسمان ئاماژەی بۆ دەکرێت و وەستاوە و تەختیشە. تەنە ئاسمانیەکانی وەک خۆر و مانگ بەرەو ئاراستەی تایبەتی خۆیان دەچن. ئەمانە ڕەگەزە سەرەکیەکانی مۆدێلی جیۆسەنتریسمن. واتە قورئان لە دیدی جیۆسەنتریسمەوە, دەسەلات و سیفاتەکانی خودای خستۆتە روو. زانستی گەردووناسی ئیمرۆ ئەوەی سەلماندووە کە زەویش وەک تەنە ئاسمانیەکانی تر وا بە بۆشاییەوە و دەجولێتەوە و گشتیان ماددەن. واتە شتێک نیە ناوی ئاسمان بێت و جیا بێت لە زەوی هەر هەموو ئەستێرەو هەسارەکان لە بۆشاییدا بەدەوری خۆیان و بەدەوری خۆردا دەسورێنەوە. قورئان لە هەموو ئایەتەکانیدا ئاسمان و زەوی وەک دووشتی جیاواز دەخاتەروو. لەمسەری قورئان بۆ ئەوسەری قورئان کەباسی دەسەلاتی خوا دەکات سەبارەت بە گەردوون دەلێ ( السموات و الارض) ئیدی هەرکام لەم وشانەی وەک (خلق, فطر, بديع, له, لله, يخفي, يعلم, ملك,ميراث, بينهما, ملكوت, انظروا, مقاليد,... هتد) لەگەلدا بەکار هاتبێت. ئاسمان و زەوی لەم وێناکردنەدا زۆر نزیکە لە تیۆری جیۆسەنترسم. چونکە گەر خودا خۆی بیوتایە ئەم جیاکارییەی تێدا نەدەکرد. ئەوەی نەدەخستە روو کە ئاسمان جیهانێک بێ و زەویش جیهانێکی دی بێت. ئەم دوو جیهانە لەو سەردەمەدا لە زیهنی خەلکیدا هێندە جیا بووە, وای بۆچوون کە ئاسمانی هەمیشەییە و نەگۆر شایستەی خودایە و زەوی کاتی و بگۆڕەو ناشی هی خودا بێت. بۆیە هەر قورئان خۆی ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە نەخێر هەموو شتێک هی خودایەو ئاسمان و زەویش هەر هی خودایە. یانی قورئان هوشیارتربووە لەم رووەوە.

قورئان ئەگەر بە راستەوخۆ ئاماژە ناکات بۆ تەختی وچەقی گەردوونی زەوی, چونکە قورئان کتێبیکی گەردووناسی نیە, ئەوا لە باگگراوەندەکەیدا کە گەردون وەک بنامەیەک بۆ تیۆلۆژییەتی خۆی بەکاری دێنێت هەستی پێدەکەین. لە هیچ شوێنێکی قورئاندا ئەوە نەوتراوە کە زەوی دەجولێتەوە, بەلام لە هەرشوێنێکدا ئاماژە بۆ مانگ و خۆر بکات, خولانەوەی ئەم دوانەی تێدایە. بۆنموونە ئەو وشانەی واتای جولە دەدەن وەک (يجري, تجري, يسبحون و دائبين) لەگەل مانگ و خۆردا بەکار هاتووە, بەلام ئەو وشانەی واتای تەختایی و وەستاوی دەبەخشن لە کاتی ناوهێنانی زەویدا بەکار هاتووە وەک وشەگەلی (قرار, مهد, فراش, مد, وضع, كفاتا, سطح, طحا و ذلول).

ترۆپکی ئەم هیرارکیە عەرشەو خوداش لەسەر ئەم عەرشەوە حوکمی خۆی بە سەر ئاسمان و زەویدا دەکات, کە لە قورئاندا وشەی یدبر ( ثم استوى على العرش يدبرالامر... يونس 3) یەکێکە لەو وشانەی بۆ ئەم واتایە بەکارهاتووە.

توخمێکی تری گرنگی جیۆسەنتریسم کە لە قورئاندا ڕەنگی داوەتەوە, ئەوەیە تەنەئاسمانیەکانی وەک مانگ و خۆر بەرەو ئاراستەیەکی تایبەتی خۆیان دەچن کە بۆ یان دیاری کراوە, هەروەک لە قورئاندا گشت شتێک تەمەنێکی دیاریکراوی هەیە و لە کاتێکی دیاریکراودا کۆتاییان پێدێت. بۆ ئەم روگە دیاریکراوە قورئان وشەی (اجل مسمى) ی بەکارهێناوە.

قورئان لە باگگراوندێکەوە لە گەردوون دەدوێ کە هەمان ئەو هیرارکیەیە کە لە باگگراوندی ئەفلاتون و ئەریستۆتالیس و بەتلیمۆس دا بووە. گەردوونێک لە ئاسمانێکی ئیدیالیسم و زەوییەکی ماتەریالیسمی

پێکهاتووه, ئاسمانێکی کامل و ئەبەدی و زەوییەکی ناکامل و بڕاوە, ئاسمانێک کە شوێنی خوداو فریشتەکانە و زەوییەک جێگای مرۆڤی خراپەکار و غەریزەکانە. بەلام قورئان ئەبەدیەت لە ئاسمان و تەنە ئاسمانیەکان دەسەنێتەوە و گشتیان لە دیدی قورئانەوە کۆتاییان پێدێت.

لە باکگراوندی قورئاندا ئەوە دەردەکەوێت کە سروشت یان گەردوون لەسەرەتادا یەک شت بووە و, بە فەرمانی خودا لێکجودابوونەتەوە و بوونەتە دوو جیهانی جیاواز. ان السموات و الارض كانتا رتقا ففتقناهما ( الانبياء 30).

ئەم بۆچوونە لەگەل زانستی نوێدا دەگونجێت. بەلام قورئان ئاسمان و زەوی وەک وەک دوو جنسی جیاواز دەخاتە ڕوو. جەختکردنەوەی قورئان لەسەر جیاوازی ئەم دوو جیهانە لەم ئایەتە زیاتر دەردەکەوێت. ئەوەش ئەوەیە کە خودا بە ئاسمان و زەوی فەرمانی داوە تا ئەمری خوا جێبەجێکەن ئەوانیش مل کەچی خۆیان نیشانداوە (قالتا اتينا طائعين)(فصلت 11).

وەسفەکانی تری قورئان بۆ ئاسمان و زەوی ئەم جیاوازیانەی زەینی قورئان لەمەر ئاسمان و زەوی زەقترەکاتەوە. ئاسمان وەک سەقفێکی زەوی نیشان دەدات و زەویش وەک زەمینێکی تەخت دەخاتە ڕوو. هەروەها جیهان کردن بە دووبەشی جیاوازی وەک ئاسمان و زەوی و ئاسمان لەسەرەوە بێت و زەویش لە خوارەوە بێت نزیکە لەو بۆ چوونەی ئەرستۆتالیس و بەتلیمۆس کە سەروومانگ و خوارووی مانگیان بۆ بەکارهێناوە. تەنانەت ئەو وشەگەلەی قورئان بۆ ئاسمانی بەکاردەهێنێت مانای بەرەوسەرچوون دەگەیێنێت وەک وشەی ( عروج, رفع, بناها و هتد ). سەراری ئەمانەش ئاسمانی وەک رووکارێک وەسفکردووە کە دەشێ لە کاتی قیامەتدا بپێچرێتەوە (يوم نطوي السماء كطي السجل للكتب)(الانبياء 104).

ئایەتێکی دی هەیە دەشێ ئەو مانایە بە ناراستەوخۆ بدات, کە زەوی بجولێتەوە. ئەوکات ئەم بیرۆکەیەی ئێمە دەمانەوێ بیخەینەروو هەلدەوەشێتەوە. وەلێ کە دیقەتی ئایەتەکەم دا بینیم وەسفی ڕۆژی قیامەت دەکات (ويوم ينفخ في الصور ففزع من في السماوات ومن في الارض الا ماشاءالله و كل اتوه داخرين. وترى الجبال تحسبها جامدة وهي تمر مر السحاب ... النمل 87-88). لەم ئایەتەدا وەسفی ئەوە دەکات کە کێوەکان وەستاو نین بەلکو بەخێرایی هەروەک هەورەکان دەڕۆن و تێدەپەڕن. دیارە ئەگەر کێو بجولێتەوە هەلبەتە زەویش دەجولێتەوە. سەرنجەکەی ئێمە لێرەدا ئەوەیە گەر لە دیدی قورئانەوە زەوی بزوایە, هەلبەت بۆ جارێکیش بوایە لە تەک خۆر و مانگەوە یان ئەستێرەکانەوە ناوی زەوی دەهێنراو فیعلی (يجری) یان ڕستەی (فی فلك يسبحون) ی بۆ بەکار دەهێنرا.

پوختەی قسە ئەوەیە کە لە دیدی قورئانەوە زەوی وەساتاوە و تەختە. ئەگەر وابێت ئەوا قورئان بە بیری سەردەمی خۆی بێژراوە, نەک خودا. هەرکەسێکیش ئەو خەمە بخوات و پێچەوانەی ئەم بۆچوونە بسەلمێنێت ئەوا سوپاسگوزاری دەبم, بەلام بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

1. وەلامەکە نوسینێکی زانستیانە بێت نەک خوتبەدان بێت
2. ئەو ئایەتانەش کە باسی زاستی قورئان دەکات بە نمونە نەهێنرێتەوە, چونکە خۆم لەوسەری دێمەوە و بۆ من قایلکار نەبوون, مەگەر تەنها ئایەتێک کە ئەوە بسەلمێنێت زەوی لە قورئاندا دەسورێتەوە. ئەگەر ئەمە سەلما ئەوە گومانەکەی منیش دەرەوێتەوە.
3. ئەوەش روونبکرێتەوە کە لە قورئاندا ئاسمان و زەوی لەیەک جۆر مادە دروستکران و لە رووی پێکهاتەوە لە یەکدی جیانین.
4. ئەگەر بێتوو گەردوون بریتیبێت لە هەسارە و ئەستێرە و گەلەئەستێرەو خۆر و گشتیان لە فەزایەکدا مەلە بکەن, چۆن دەکرێت ئیمڕۆ لەو هیرارکیە تێبگەین کە قورئان سەبارەت بە گەردوون دەریدەخات. بەتایبەتی

کاتێ کە تیۆریە نوێکانی

BigBan پەیدابوونی گەردوون دەخوێنیتەوە بە تایبەتی تیۆری مەزنە تەقین[2] وێنای گەردوون بەتەواوەتی لە خەیالدانی مرۆڤدا دەگۆڕێت و ئیدی مرۆڤ ناتوانی باسی خودا بەو شێوە تەقلیدیە گوێ لێبێت کە لە سەردەمی جیۆسەنتریسم پێناسەکراوە. ئاگاشم لەوە هەیە کە هەندێ لە زانایانی کۆن و نوێی ئیسلام هەولیانداوە تەئویل بۆ عەرش و سیفاتی خودا بێننەوە, تا لەگەل لۆژیکی ئەو کاتدا بگونجێت, هەلبەتە منیش خۆم قسەم لەسەر ئەوەش هەیە بەلام لێرەدا نامەوێت درێژەی بدەمێ و بۆ نوسینێکی دی هەلیدەگرم.

لە کۆتایشدا دەمەوێ ئەوە روونکەمەوە, مەبەستی ئەم نوسینە ئەو گوتارە تەقلیدیانە نیە کە دەلێ موحەمد خوێندەوار بووە یان فەلسەفەی خوێندووە. سەلماندنی ئەم بۆچوونە بە کاری خۆمی نازانم. کتێێکی وەک قورئان وا لەبەردەستمدا کێ دایاناوە بۆ من گرنگ نیە هێتدەی ئەم کتێبە خۆی شیبکەمەوە. دەشێ موحەمەد ئەم وێناکردنی گەردوونەی بە گوێرەی مۆدێل جیۆسەنتریسم بە ناراستەوخۆ پێگەشتبێت, چونکە تەمەنی ئەم مۆدێلە تا سەردەمی دانانی قورئان نزیکەی هەزار سال بووە. جگە لەوەش ئەم مۆدیلە لە ناو مەسیحی و یەهودیەکاندا باو بووە, وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا تیۆلۆژەکانی ئاینی مەسیحی هەر لەسەدەی دووەمی زاینیەوە بۆچونەکانی ئەرستۆتالیسیان سەبارەت بە گەردوون تەبەننی کردووە.

هەروەک قورئان دەچێتە خانەی مۆدیلی جیۆسەنتریسمەوە, بەهەمان شێوەش لەمەڕ ناسندنی گەردوون, فەلسەفەی کۆن و سەدەی ناوەراستیش دەچێتە هەمان خانەوەو لۆگۆس و میتۆسیش جێ بۆ زانستی ئەزمونگەری چۆل دەکەن. بەلام ئایا زانست دەتوانێ بەتەنها خواستەکانی مرۆڤ وەک مرۆڤ دابین کات؟ وەلامی ئەم پرسیارە بۆ وتارێکی دی.

ئەم ووتارە لە چاودێر ژمارە 149 –150 دا بلاوکراوەتەوە

[2] سالی 1995 وتارێکم لەسەر تیۆری (مەزنە تەقین) لە رۆژنامەی یەکگرتوودا بلاو کردەوە